بەياننامە 14 / 07 / 2005

## قەسبخانەکەی بەغداد بۆ منالان ، رەمزی درندەیی تیرۆریستانە کە نزیک بە 100 قوربانی لێکەوتەوە

ئەومەرگەساتەی کە دوێنێ لەبەغداد رِوویدا، یەکێک لەو کارەساتە تراژیدیا کەم وێنانەیە کە تا ئێستالە ئێراق لەئەنجامی کردەوە تیرۆریستێکاندا رِویانداوە، ئەم جارەیان زیاتر لە 33 منال بێ سەرو قاچ بوون و پارچە پارچەی ئەندامەکانی لەشیان بەحەوادا چوو، منالانێک کە لە سەرەتای بەهاری تەمەنیاندابوون، بێ ئاگا لە پیلانی نامرۆڤانەی تیرۆیستانی ئیسلامی بەئاگری پەیامی رِەشی ئەوان سوتان، ئەم جەهەنەمەی تیرۆریستان بۆ منالانیان خولقاندووە، کارەساتێکە کە بە هیچ بیانوویەک پاساو نادرێتەوە، منالانێک کە تەمەنیان لە 6 سال تا 13 سالدان دەبێ چ بیانوو پاساوێک هەبێت بۆ تیرۆر و سوتاندن و بێدەست و قاچ کردنیان، دەبێ ئەم ئینسانە بچکۆلانە کە تەنها چەند سالێکی کەمەو چاویان بە دنیای پرِ لە ستەم و چەوسانەوە، دنیای پرِ لە شەرِ و بەدبەختی هەلهێناوە،چ تاوانێکیان هەبێت. بەپێی هەوال گریان و قریشکەو هاواری منالانی دەست و قاچ پەرِیوو لە گەرِەکەکانی دوور لەم رِووداوەوە بیستراوون لەکاتی تەقینەوەکەداو لەکاتێکدا کە منالەبریندارەکان بەرەو نەخۆشخانەی کندی براون.



هەموو ئەو تاوانانەی کە دەرهەق بە منالان و خەلکی مەدەنی بێتاوان و ئەنجام ئەدرێن، دەرئەنەنجامی شەرِێکی خوێناوییە کە ئەمەریکاو هاوپەیمانانی لە لایەک و لەلایەکی تریشەوە پاشماوەی داروودەستەی رِژێمی رِووخاوی بەعس و تیرۆریستانی ئیسلامی سیاسی هەلیان گیرساندووە. بەپێی ئەو هەوالانەی کە لە چەندین سەرچاوەوە لەمبارەوە بلاو کراونەتەوە، سەربارى ئەوەی کە سەربازانی داگیرکەری ئەمەریکی بەوەیان زانیوە کە ئۆتۆلۆبیلی بۆمب رِێژکراو لەو ناوچەیە هەیە، کەچی ئەوان منالانیان لە خۆیان کردۆتەوە بۆ ئەوەی نوقل و شیرینیان پێبدەن!! لەو کاتەداو لەکاتی کۆوەبوونی منالەکەن بە دەوری ئەواندا،ئۆتۆمۆبێلێکی بۆمبرِژێکراو خۆی بەناو ئاپورەی منالەکاندا کردووەو خۆی تەقاندۆتەوە.

ئێمە لەسەنتەری بەرگری لەمافەکانی منالان ئەم کارە تیرۆریسی یە بە توندی مەحکوم و رِیسوا دەکەین، لەهەمان کاتدا هاوبەشی قولی غەم و پەژارەی ئازیزان و کەس و کاری ئەومنالانەین کە بوونە قوربانی،وە هیوای چاکبوونەوە بۆ بریندارەکان دەخوازین، هەروەها داوا لە یوئن و یونسێف ، ئەمنستی و هەموو رِێکخراوەکانی تر دەکەین کە لەوە زیاتر بێدەنگ نەبن و لە بەرامبەر ئەم کاراساتە پرِتراژێدیایەدا دەنگ هەلبرِن.

سەربازانی ئەمەریکی لەهەرشوێنێک بوبن، بوونەتە مایەی بشێوی و تێکدانی ئەمنییەتی خەلکی،
تیرۆریستانی ئیسلامیش بەزۆری ئەوان ئەکەنە ئامانج و بیانووی ئەنجامدانی تەقینەوە خۆکوژییەکانیان.
ئەمەریکای داگیرکەر و حکومەتی ئێراقی هاوپەیمانی ئەمەریکا بەرپرسن لە پاراستنی ئەمنییەتی خەلک،
بۆیە رِێگاچارەی کۆتایی هێنان بەم تیرۆر و تەقاندنەوەو منالان و خەلکی بێتاوان کوشتنانە، کۆتایی هێنان بەداگیرکاری ئێراقە لە لایەن ئەمەریکاو هاوپەیمانانێ وە، وە دامەزراندنی دەسەلاتێکی علمانی و پێشکەوتنخوازە.

مەرگ و رِیسوایی بۆ تیرۆریستان

شێرزاد فاتیح

سەنتەری بەرگری لە مافەکەنی منالان

---

CFBRI
+46 73 57 15 449
www.santarimnalan.com

santarimnalan@yahoo.com
Kontaktperson: Sherzad Fatih
Kontonummeret (postgirot): 39 08 04–3